سودانی پێرۆزبایی لە ڕێبەری نوێی ئێران دەکات

ئەمڕۆ دووشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێرۆزبایی ئاراستەی سەید موجتەبا عەلی خامنەیی کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، هاوکات دڵنیایی خۆی نیشان دا بە توانای سەرکردایەتی نوێ لە ئێران بە بەڕێوەبردنی ئەم قۆناغە هەستیارە.

سودانی لە پۆستکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (X) ڕایگەیاند: "پێرۆزبایی خۆم ئاراستەی بەڕێز ئایەتوڵڵا سەید موجتەبا عەلی خامنەیی دەکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران".

ئاماژەی بۆشکرد ،"هاوکات پرسە و سەرەخۆشی خۆمان نوێ دەکەینەوە بە بۆنەی شەهیدبوونی ئایەتوڵڵا عوزما سەید عەلی خامنەیی، لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی بوون لە ئەندامانی خێزانەکەی و شەهیدانی دیکەی گەلی ئێرانی بەڕێز، هەروەها متمانەی خۆمان بە توانای ڕێبەرایەتی نوێ لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە بەڕێوەبردنی ئەم قۆناغە هەستیارە و درێژدان بە پتەوکردنی یەکگرتوویی گەلی ئێران لە ووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ئێستا دەردەبڕین".

هەر لە پۆستکەدا هاتووە ، "سەر لە نوێ هاوسۆزی و پشتیوانی عێراق بە کۆماری ئیسلامی ئێران و هەموو ئەو هەنگاوانە دووبات دەکەینەوە، کە ئامانجیان کۆتاییهێنانە بە ململانێکان و ڕێکردنەوەی

ئەپەراسیۆنە سەربازییەکانە دژی سەروەری، بەشوەیەک سەقامگیری هەموو وەاتانی ناوچەکە و ئاسایش و سەلامەتی گەلانی برا بپارێزێت".